لە جامی یەکێتی ئاسیا

# هەولێر لە بەردەم ئەرکێکی قورسدایە

ڕێبین ڕەمزی



سبەی سێشەممە لە چوارچێوەی یارییەکانی چوار گۆشەی زێرینی جامی یەکێتی ئاسیا، لە یاریگەی یانەی کوەێت لە شاری بوبیان کاتژمێر (٥,٤٥) خولەکی ئێوارە بە کاتی کوردستان یانەی هەولێر ڕووبەڕووی یانەی کوەێت کوەێتی دەبێتەوە، یاری یەکەم کە لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری بەڕێوەچوو، یانەی کوەێت توانی بە ئەنجامی دوو گۆڵی بێ بەرانبەر سەرکەوتن بە دەستبهێنێت و گێمی یەکەمی یارییەکە لە شاری هەولێر تەواوبوو، بەڵام گێمی دووەمی یارییەکە سبەی لە کوەێت بەڕێوە دەچێت.

**جەماوەر چۆن دەڕوانێتە چانسی یانەی هەولێر لەم یارییە**

هەرچەندە یانەی هەولێر لە یاری یەکەم تووشی شکستێکی چاوەڕوانەکراو هات لە نێو یاریگەی خۆی، بەڵام جەماوەری یانەی هەولێر تەئکید لەوە دەکەنەوە، کە هێشتا چانسی یانەی هەولێر بۆ سەرکەوتن بۆ یاری کۆتایی ماوە ئەگەر یاریزانان بتوانن لەم یارییە ئاستی ڕاستەقینەی خۆیان پێشکەش بکەن و ڕاهێنەر ئەیوب ئۆدیشو چارەسەری ئەم هەڵانە بکات، کە لە یاری یەکەم ڕووبەڕووی بوونەوە.

یەکێك لە هاندەرانی یانەی هەولێر سەبارەت بە یارییەکی سبەی گوتی: هەرچەندە یانەی هەولێر لە یاری یەکەم بە دوو گۆڵی بێ بەرانبەر تووشی دۆڕان هات، بەڵام لە یاری تۆپی پێ بێ هیوا بوون نییە ئەو تیپی ئاستی بەرز پێشکەش بکات ئەوە هەردەم چانس یاوەری دەبێت، بۆیە متمانەیەکی زۆرم بە یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکەم هەیە، کە بتوانن لەم یارییە سەرکەوتن تۆمار بکەن بۆ یەکەم جار بگەنە یاری کۆتایی جامی یەکێتی ئاسیا و هۆکاری ئەم متمانەیەشم بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە هەردەم یانەی هەولێر لە دەرەوەی یاریگەی خۆی ئەنجامی باش بە دەست دەهێنێت و هیوادارم یاریزانانی یانەی هەولێر هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن و دڵی هاندەرانی یانەکەیان خۆش بکەن.

**دەستەی ڕاهێنەران بۆ بردنەوە یاری دەکەین**

هەر دوای تەواوبوونی یاری یەکەم ڕاهێنەری یانەی هەولێر ئەیوب ئۆدیشۆ داوای لێبوردنی لە جەماوەری یانەکەی کرد و تەئکیدی لەوە کردەوە، کە یاری هاتن لە وڵاتی کوەێت زەحمەتە، بەڵام ئێمە هەموو شتێك دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین بلیتی سەرکەوتن بۆ یاری کۆتایی مسۆگەر بکەین و ئێمە لەم یارییە هەموو شتێك دەکەین بۆ ئەوەی سەرکەوتن بە دەستبهێنین.

عومەر مەجیدی یاریدەدەری ڕاهێنەر تەئکید لە زەحمەتی ئەم یارییە کردەوە گوتی: هەرچەندە ئەرکی یانەکەمان لە یارییەکە زۆر زەحمەت و قورسە، بەڵام زۆر شتی چاوەڕوانەکراو هەیە لە یاری تۆپی پێ و ئێمە هەموو شتێك دەکەین لەم یارییە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بە دەستبهێنین.

**یاریزانێکی هەولێر لە یاری هاتن یاری ناکات**

دوای ئەوەی لە یاری چوون لە نێوان هەردوو یانەی هەولێر و کوەێت کوێتی یاریزانی یانەی هەولێر ئاوس ئیبراهیم بە کارتی سوور یاریگەی جێهێشت.

بۆیە لە یاری هاتن، کە وا بڕیارە ڕۆژی سێشەممە لە یاریگەی کوەێت بەڕێوە بچێت یاریزانی ئاوس ئیبراهیم نەتوانێت لەم یارییە بەشدار بێت، لە بەرانبەردا لە یاری هاتن- دا هەردوو یاریزان مەهدی کەریم و ئەمجەد ڕازی پێوەندی بە یانەکەوە دەکەن و لەم یارییە بەشدار دەبن و تا ئێستا چارەنووسی یاریزان مستەفا ئەحمەد دیار نییە، بەهۆی بوونی لێکنەگەیشتنێك لە نێوان یاریزان ناوبراو و ڕاهێنەر ئەیوب ئۆدیشۆ لە بەرانبەردا گشت یاریزانەکانی یانەی کوەێت کوەێتی لەم یارییە یاری دەکەن، بەڵام زیاتر لە ١٠ یاریزان کارتی زەردی هەیە.





## لە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئەورووپا ٢٠١٢

# زۆربەی هەڵبژاردە گەورەکان سەرکەوتن

هەفتەی رابردوو لە چوارچێوەی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئەورووپا بەڕێوەچوو، کە تیاییدا زۆرەبەی هەڵبژاردە گەروەکان سەرکەوتنیان بۆ ئەم پاڵەوانێتیە مسۆگەر کرد.

### کۆمەڵەی یەکەم

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بە شایستەی سەرکەوتنی بۆ جامی نەتەوەکانی ئەورووپا مسۆگەر کرد دوای ئەوەی توانی ١٠ سەرکەوتن لە ١٠ یاری بە دەستبهێنێت لە بەرانبەردا هەڵبژاردەی تورکیا سەرکەوت بۆ یارییەکردن لە قۆناغی پاشکۆ، هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی بەلژیکا و نەمسا و ئازربایجان و کازاخستان ماڵئاواییان کرد.

### کۆمەڵەی دووەم

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی رووسیا بە شایستەیی سەرکەوت بۆ جامی نەتەوەکانی ئەورووپا دوای ئەوەی لە پلەی یەکەمی ئەم کۆمەڵەیە هات بە جیاوازی دوو خاڵ لەگەڵ کۆماری ئێرلەندە کە یاری لە قۆناغی پاشکۆ دەکات و هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی ئەرمینیا و سلۆفاکیا و مەقدۆنیا و ئەندۆرا ماڵئاواییان کرد.

### کۆمەڵەی سێیەم

لەم کۆمەڵەی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بە ئاسانی توانی سەرکەوتن بۆ جامی نەتەوەکان ئەورووپا مسۆگەر بکات دوای ئەوەی توانی لە ٨ یاری سەرکەوتن تۆمار بکات و لە دوو یاری بەرانبەر بوو بە بێ هیچ دۆڕانێك ئەوەی چاوەڕوانەکراو بوو هەڵبژاردەی ئەستۆنیا لە پلەی دووەمی ئەم کۆمەڵەیە هات و سەرکەوت بۆ قۆناغی پاشکۆ و هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی صربیا و سلۆڤینیا و ئێرلەندەی باکوور و دوورگەکانی فاروو ماڵئاواییان کرد.

### کۆمەڵەی چوارەم

لەم کۆمەڵەی هەڵبژاردەی فەرەنسا بە زەحمەتی توانی سەرکەوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئەورووپا مسۆگەر بکات بە جیاوازی یەك خاڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی بۆسنە و هێرسك، کە لە پلەی دووەمی کۆمەڵەکە هات و سەرکەوت بۆ یارییەکانی پاشکۆ و هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی رۆمانیا و رووسیای سپی و ئەلبانیا و لۆکسمبۆرگ ماڵئاواییان لەم پاڵەوانێتیە کرد.

### کۆمەڵەی پێنجەم

لە کۆمەڵەیە هەردوو هەڵبژاردەی هۆڵەند و سوید راستەوخۆ سەرکەوتن بۆ یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا، کاتێك هەڵبژاردەی هۆڵەندە لە پلەی یەکەمی ئەم کۆمەڵەیە هات بە تۆمارکردنی ٩ سەرکەوتن و لە یەك یاری تووشی دۆڕان هات لە بەرانبەردا هەڵبژاردەی سوید بە باشترین هەڵبژاردەی خاوەن پلەی دووەم سەرکەوت بۆ جامی نەتەوەکانی ئەورووپا دوای ئەوەی توانی ٨ سەرکەوتن بە دەستبهێنێت و لە دوو یاری تووشی دۆڕان هات و هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی هەنگاریا و فینلندە و مۆڵدۆڤیا و سان مارینۆ ماڵئاواییان کرد.

### کۆمەڵەی شەشەم

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی یۆنان توانی بلیتی یەکەم بۆ خۆی مسۆگەر بکات دوای ئەوەی لە پلەی یەکەم هات بە جیاوازی دوو خاڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی کرواتیا، کە لە پلەی دووەم هات و سەرکەوت بۆ یارییەکانی پاشکۆ و هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی ئیسرائیل و لاتفیا و جۆرجیا و ماڵتا ماڵئاواییان کرد.

### کۆمەڵەی حەوتەم

لەم کۆمەڵەیە هەڵبژاردەی ئینگلتەرە بە بێ هیچ کێشەیەك سەرکەوت بۆ جامی نەتەوەکانی ئەورووپا دوای ئەوەی توانی ئاستێکی باش لە یارییەکانی پاڵاوتن پێشکەش بکات و بە جیاوازی شەش خاڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی مۆنتینیگرۆ، کە بە پلەی دووەم هات و سەرکەوت بۆ یارییەکانی پاشکۆ و هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی سویسرا و وێلز و بولگاریا ماڵئاواییان کرد.

### کۆمەڵەی هەشتەم

لەم کۆمەڵەیە رکابەرییەکی یەکجار بەهێز هەبوو و لە کۆتاییدا هەڵبژاردەی دانیمارك توانی لە پلەی یەکەم بێت بە جیاوازی سێ خاڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی پوروتوگال، کە لە پلەی دووەم هات بە جیاوازی گۆڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی نەرویج، کە لە پلەی سێیەم هاتن بەڵام هەڵبژاردەی پورتوگال سەرکەوت بۆ یارییەکانی پاشکۆ، هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی نەرویج و ئیسلندە و قوبرس ماڵئاواییان کرد.

### کۆمەڵەی نۆیەم

لەم کۆمەڵەی هەڵبژاردەی ئیسپانیا هەر زوو بلێتی سەرکەوتنی بۆ خۆی مسۆگەر کرد دوای ئەوەی توانی لە ٨ یاری ٨ سەرکەوتن بە دەستبهێنێت، بەڵام رکابەرییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئوسکتلندە و چیك هەبوو لەسەر پلەی دووەم، لە کۆتاییدا هەڵبژاردەی چیك پلەی دووەمی بە دەست هێنا و سەرکەوت بۆ یارییەکانی پاشکۆ و هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی ئوسکتلندە و لیتوانیا و لیشتنشتاین ماڵئاواییان کرد.

جێگەی باسە یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپا لە ساڵی ٢٠١٢ لە هەردوو وڵاتی ئوکرانیا و پۆڵەندە بەڕێوە دەچێت.



# تۆپچییەکانی لەندەن چاوییان لە رۆنالدینهۆیە

راپۆرتــە رۆژنامەوانییەکانــی بەریتانیــا ئاماژەیان بەوەدا لێپرسراوانی یانەی ئەرسنالی لەندەنی هەوڵ دەدەن پەیوەندی بە ئەستێرەی بەرازیلی رۆنالدینهۆ بکەن کە ئێستا لە یانەی فلامینگۆی بەرازیلی یاری دەکات بۆ ئەوەی بۆندێکی لەگەڵ مۆر بکەن بە تایبەتی دوای ئەو ئاســتە بەرزەی کە پێشکەشی دەکات لە خولــی بەرازیل، یانەی ئەرســنال لە خولی ئینگلتــەرا بە هۆی ئەنجامــە خراپەکانی دەناڵێنێت دوای رۆیشتنی هەردوو ئەستێرەی یانە سیســك فابریگاس و سەمیر نەسری لە هاوینی رابردوو بۆ یانەکانی بەرشلۆنە و مان سیتی.

هاتنی رۆنالدینهۆ بۆ یانەی ئەرسنال لەوانەیە رێگاچارە بێت بۆ گەڕانەوەی تۆپچییەکانی لەندەن بــۆ نازناوەکان چونکە ئــەم یاریزانە خاوەن ئەزموونێکی گەورەیە بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ بارودۆخی ئێستای یانەی ئەرسنال، هەروەها هاتنی رۆنالدینهۆ پارەیەکی زۆری ناوێت ئەوەش کا رێکــی گونجــاوە بۆ دەستەی کا رگێــری یانەی ئەرسنال.



# بیکنپاوەر.. بەرشلۆنە لە هەڵبژاردەکانیش باشترە

قەیســەری تۆپی پێــی ئەڵمانــی فرانز بیکنپاوەر دووپاتیکردەوە یانەی بەرشــلۆنە پێوەری راســتەقینەیە بۆ ئاستی هونەری تۆپی پێ و لە پێش باشترین هەڵبژاردەکانی جیهان دێت بە هۆی بوونی یاریزان میسی، بیکنپــاوەر لــە لێدوانێکیدا بــۆ گۆڤاری کیکــەری ئەڵمانی گوتی : بەرشــلۆنەی ئەمڕۆ پێوەرە بۆ ئاســتی هونــەری تۆپی پێ، پێگەی ئەم یانەیە لە پێش هەڵبژاردەی ئیســپانیا دێت ئــەوەش بە هــۆی بوونی یاریزانێکی وەك میســی، میسی یاریزانێکی نمونەیی تۆپی پێیە بە هۆی جموجۆڵەکانی لە ناو یاریگا کە دەتوانێت بە ئاەزووی خۆی شێوازی یارییەکە بگورێت.

# ریکاردۆ کاکا بۆچی گریا؟!!

ئەســتێرەی بەرازیلی ریکاردۆ کاکا یاریزانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی دانی بەوە دانا کە چەندین جار گریاوە لەو کاتەی تووشــی پێکان هاتووە، کاکا لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی ریــال مەدرید گوتی: کاتێك پێکانەکەم تووش هات چەندین جار گریاوم، هاوڕێ نزیکەکانم ئــاگادارن، من زۆر هەوڵــم دا بۆ ئەوەی بە باشترین ئاست بگەڕێمەوە، بەڵام بارودۆخەکان باش نەبــوون، ئەوکات بــاری دەروونیم زۆر خەراپ بوو.

کاکای تەمــەن ٢٩ ســاڵ دووپاتیکــردەوە و گوتــی: دوای گەڕانــەوەم بــۆ یاریگاکان زۆر خــۆم ماندووکرد تا توانیم شــوێنی خۆم وەربگرمەوە لە پێکهاتەی یانەی ریال مەدرید و توانیــم گۆڵیش لە خولی یانەکانی ئەوروپا بەرامبەر یانەی ئەیاکس تۆمار بکەم.


کاکا بەڵێنــی دا چاکەی ئەوانــە بداتەوە کە لەکاتی پێکانەکەی پشتگیریان لێکردووە تا ئەو کاتەی گەڕایەوە ئاستی راستەقینەی خۆی، هەروەها وەڵامی ئەوانە بداتەوە کە متمانەیان بە توانەکانی ئەو نەمابــوو، لە هەمان کاتدا بەڵێنی ئەوەشی دا کە لە یانەی ریال مەدرید بەردەوام بێت.




# ئیتۆ.. لە مۆرینهۆ زیاتر فێربووم

هێرشبەری هەڵبژاردەی کامیرۆن سامویێل ئیتــۆ یاریزانــی یانەی ئەنژی روســی دووپاتیکردەوە کە راهێنــەری پورتوگالی جــۆزێ مۆرینهۆ زۆرترین ســوودی پێ بەخشیووە، ئیتۆ دەربارەی ئەو راهێنەرانەی کە کاری لەگەڵ کــردون وتی: مۆرینهۆ باشترین راهێنەری جیهانە، بەڵام من بەخت یاوەرم بوو کە لەگــەڵ راهێنەر گواردیۆلا کارم کردووە چونکە بیب راهێنەرێکی زۆر لێهاتــووە : من ســوودم زیاتر لە مۆرینهۆ وەرگرتووە وەك راهێنەر و وەك مرۆڤ، من ناتوانم یەکێکیان هەڵبژێرم بۆ مەشقدانەوەی یانەی ئەنــژی چونکــە هەردووکیان لە باشــترین راهێنەرانی جیهانــن، هەرچەندە لویس ئەراگۆنیس باشترین راهێنەر بووە کە لە یانەی مایۆرکا مەشقی پێداوم.

هەروەهــا ئیتۆ دەربارەی دێربییەکان گوتی : مــن زۆر بەبەخت بــووم کە زۆر دێربییم ئەنجــام داوە وەك دێربــی میــلان، بەڵام کلاســیکۆی ئیسپانی زۆر سەرنج راکێشە، بۆیە تاموچێژی هەیــە چونکە یارییەکی بێ هاوتایە لە جیهان.





سەرۆکی شانازی یانەی بایرەن میونیخ پێی وایە هەڵبژاردەی ئیسپانیا باشترین هەڵبژاردەیە لە ئەورووپا و جیهان، بەڵام ئاماژەی بە پێشکەوتنی ئاستی هەڵبژاردەی ئەڵمانیاش کرد کە دەتوانێ لە یۆرۆی ٢٠١٢ ململانێی ئیسپانیا بکات، لەو کاتەی هەڵبژاردەی فەرەنسای لە پلەی سێیەم داناوە.

## کارلیس پۆیۆل: میسی باشترین یاریزانە لە مێژوودا

کاپتن و یاریزانی هێڵی بەرگری یانەی بەرشلۆنە کارلیس پۆیۆل ستایشی ئاستی یاریزانی ئەرژەنتینی لیۆنیل میسی هاوڕێکەی لە یانەی بەرشلۆنە کرد و دووپاتیکردەوە میسی یاریزانێکە لە هەسارێکی دیکە، هەروەها پۆیۆل ئەوەشی ڕاگەیاند کە میسی باشترین یاریزانە کە یاری تۆپی پێی کردووە لە مێژوودا و بە هیچ شێوەیەك بەراوردی ناکرێت لە گەڵ هەر یاریزانێکی دیکە کە لە سەردەمەکانی دیکە یارییان کردووە لەبەر ئەوەی میسی یاریزانێکە خاوەن تایبەتمەندییەکی بێ وێنەیە کاتێك تۆپ وەردەگرێت.


پۆیۆل هیوای ئەوەی خواست ئاست بەرزی یاریزان میسی بەردەوام بێت لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بۆ بەردەوامی نازناوەکان، هەروەها هیوای ئەوەشی خواست کە میسی هەمان ئاست لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین پێشکەش بکات و پاڵەوانەتییەکی جیهانی بەدەست بهێنێت .




## ڕۆبەرتۆ کارلۆس داوای ڤان پێرسی و ئەنێلکا دەکات

یاریزانی بەرازیلی بەناوبانگ ڕۆبەرتۆ کارلۆس یاریزان و ڕاهێنەری یانەی ئەنژی ڕوسی ڕایگەیاند کە یانەکەی هەوڵ دەدات بۆند لەگەڵ هەردوو یاریزان ڕوبن ڤان پێرسی هۆڵەندی و نیکۆلا ئەنێلکای فەرەنسی مۆر بکات بۆ ئەوەی تیپەکەی بەهێز بکات لە وەرزی داهاتوو، کارلۆس لە چاوپێکەوتنێکدا لە گەڵ تەلەفزیۆنی کەنال فوتبۆل کلەب گوتی: ئێمە لیستێکمان ئامادەکردووە وەك ڤان پێرسی لە ئەرسنال، ئەنێلکا لە چێلسی، نینی لە پاریس سان جێرمان، ئەوانە ئامانجی ئێمەن.

دەربارەی یاریزانی بەرازیلی نیمار دا سیلڤا، کارلۆس گوتی: من قسەم لەگەڵ نیمار کردووە، ئەگەر یانەکانی ڕیال مەدرید و بەرشلۆنە و مان یونایتد نەیانتوانی نرخی کڕینی بدەن، ئەوە ئێمە ئامادەین ئەو نرخە بدەین و خاوەنی یانە سولەیمان کەریمۆڤ دەتوانێ ئەو کارە ئەنجام بدات.




## مانشینی: باڵۆتیلی چەکی ئێمەیە لە چامپیۆنزلیگ

ڕۆبەرتۆ مانشینی ڕاهێنەری یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی بە نیازە لە یارییەکانی داهاتووی یانەکەی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا پشت بە یاریزانی ئیتالی ماریۆ باڵۆتیلی ببەستێت لە هێلی هێرشبردندا، یانەی مان سیتی لە خولی ئینگلتەرا ئەنجامەکانی زۆر باشن و لە پلەی دووەم دێت بەجیاوازی گۆڵ لە گەڵ یانەی مان یونایتد، بەڵام لە چامپیۆنز لیگ تەنها یەك خاڵی هەیە لە دوو یاریدا، مانشینی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دۆمانی دیللۆ سپۆرتی ئیتالی گوتی: متمانەی تەواوم بە تواناکانی باڵۆتیلی هەیە و باش دەزانم کە دەبێتە چەکی نهێنی ئێمە لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا.

مان سیتی لە جەولەی سێیەمی خولی چامپیۆنز لیگ ڕووبەڕووی یانەی ڤیاریالی ئیسپانی دەبێتەوە و مانشینی بەهیوای ئەوەیە یەکەم سەرکەوتن تۆمار بکات.



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# پاڵەوانێتی کاراتێی کوردستان.. پێشمەرگەی سلێمانی پلەی یەکەمی بۆخۆی بردەوە

لە شاری کەرکوک لە هۆڵی چالاکی وەرزشی و دێدەوانی پەروەردەی کەرکوک،بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی کاراتێی کوردستان وبەهاوکاری لقی کەرکووکی یەکێتییەکە بە بەشداری زیاتر لە ١٥یانەی هەریەك لە شارەکانی (هەولێر،دهۆك،سلێمانی،کەرکوك) لەهەردوو شێوازی کۆمێت و کاتا،،بەمەبەست لە ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییەش وەکو پرۆگرامی یەکێتیەیە بوو کە ساڵانە ئەنجامی دەدات و خزمەتکردنی زیاتری یارییەکەیە لە شارەکانی کوردستان،لە پاڵەوانێتییەکەش یاریزانانی بەشدار بوو ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد.ئەنجامی کۆتایی تیپە بەشداربووەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بوو.


**کۆمێت**

١-پێشمەرگەی سلێمانی
٢-چەمچەماڵ
٣-پیرەمەگرون
٣-سۆلاڤی نوێ

**کاتا**

١-پێشمەرگەی سلێمانی
٢-خاك
٣-زێڕەڤانی

لە کۆتایشدا خەڵات و دیاری بەسەر تیپ و یاریزانە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.



# لە کەرنەڤاڵێکی قەشەنگدا یەکەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو

یەکەمین ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر بەبەشداریی هەزاران وەرزشوان و هاووڵاتی ئاسایی هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی ئەوروپا و بەشدارییەکی چالاکانەی ئیتاڵییەکان بەڕێوەچوو.

ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر کاتژمێر ٧:٠٠ ی سەرلەبەیانی لە شەقامی ٦٠ مەتری بەرامبەر تەلاری پەرلەمانی کوردستان، بەبەشداری ژمارەیەك وەزیر و پەرلەمانتارو کونسوڵی وڵاتانی جیهان و بەرپرسان و ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییانی ئیتاڵیا و نایجیریا و کینیا و ئەڵمانیاو ئەمەریکا و ئیسپانیاو چەندین وڵاتی تری جیهان، دەستی پێ کرد..

عەبدولستار عیسمەت لە لێژنەی باڵای ماراسۆنەکە و ڕێکخەری ئەنجومەنی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیدا، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە نزیکەی ٢٠٠٠ کەس بەشدارییان لەو ماراسۆنەدا کردووەو ئیتاڵییەکانیش بەشداریەکی چالاکانەو بەرفراوانیان هەبووە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو ماراسۆنە پەیامی ئاشتیخوازانەی گەلی کوردستان بگەیەنینە هەموو جیهان.

هەروەها ناوبراو سوپاسی پارێزگای هەولێر و سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی کرد بۆ سەرخستنی ئەم ماراسۆنە نێودەوڵەتییە.

ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانیەتییەکەش بەمجۆرەبوو:

ماراسۆنی تەواو ٤٢ کم واتە چوار خول بەدەورەی شەست مەتری: سێرخیۆ لێسیان(ئیتاڵیا)/ یەکەم، مارسیلۆ دۆسی (ئیتاڵیا)/ دووەم، موزهر نیعمە/ سێیەم.

نیو ماراسۆن ٢١ کم کچان، دووخول بەدەورەی شەست مەتری، دالیا ئەحمەد/یەکەم، دیبارۆ فیدریکا (ئیتاڵیا)/ دووەم، ئامال خزر/ سێیەم.

٢١ کم کوڕان (دوو خول بەدەورەی شەست مەتری)، عەلی ئەحمەد/ یەکەم، لادێ غازی/ دووەم، عومەر موسا/ سێیەم.

١٠ کم کوڕان، مونتەسر حەسەن/ یەکەم، ئاوات مەحموود/ دووەم، محەمەد هادی/ سێیەم.

١٠ کم کچان، شێنێ عەزیز/ یەکەم، ناز تەحسین/ دووەم، دڵسۆز عوبێد/ سێیەم.

دوای تەواوبوونی ماراسۆنەکە، لە مەراسیمێکی شایەستەدا بەئامادەبوونی سەفین دزەیی وەزیری پەروەردەو کاوە مەحموود وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و کونسوڵی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان خەڵات و دیاری بەسەر سەرکەوتوواندا دابەشکراو مەدالیای ڕێزلێنانیش پێشکەش بە بەشداربووان کرا..

شایانی باسە ئەگەرچی یەکەمجارە ماراسۆنی نێودەوڵەتی لە هەولێر ئەنجام دەدرێت، بەڕێوەبردنی ماراسۆنەکە زۆر ڕێکوپێك و لە ئاستێکی بەرز دابوو. دەسکەوتێکی گەورەش بوو بۆ هەرێمی کوردستان کە میوانداری ڕووداوێکی وەرزشی وا گەورە دەکات، بەسەرپەرشتی و ئامادەکاری سەرەکی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ دامودەزگا حکومییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان..



## شانا عیماد یاریزانی تێنسی سەرزەوی یانەی دهۆک

# بە هیوای ئەوەم بەشداری لە پاڵەوانێتیەکانی جیهان بکەم

دیمانە:کارزان کانەبی



**شانا عیماد لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری دهۆکە،یەکێکە لە یاریزانە هەرەبەتواناکانی کوردستان،خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لەگەڵ یانەی دهۆک لەدوایین پاڵەوانێتی تێنسی سەرزەوی کوردستان توانی لە سەر ئاستی پێشکەوتووان پلەی یەکەم بەدەست بهێنێ،بووە مایەی سەرنجی زۆربەی ئامادەبووان وپاشە رۆژێکی باشی لێ چاوەڕوان دەکرێت .ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

-ئەم یارییە پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوە لەسەر ئاستی کوردستان وعێراق،یاریزانانی یانەکانیش بە تایبەتی یانەکانی کوردستان ئاستیان زۆر بەرزە و پاشەڕۆژێکی باشیان دەبێت،دەتوانن نوێنەرایەتی عێراق بکەن،لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە.

*** شاری دهۆك لە چ ئاستێکدایە؟**

-شاری دهۆك یەکێکەلەو شارانەی کە گرنگیەکی زۆر بە یاری تێنسی سەرزەوی دەدات،بۆهەردووو ئاست،یانەکەشمان یەکێکە لە یانە هەرە بەتواناکانی عێراق،تەواوی یاریزانەکانمان لاون لەو یانەیە دروست بوینە گرنگی زۆرمان پێ دەدرێت و نزیکەی هەشتا یاریزان دەبین لەم شارە ئەوەش بەڵگەی قسەکانمە.

***چی بکرێت باشە بۆبەرەو پێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

-ئەگەر بمانەوێ ئەو یارییە پێشبکەوێت دەبێت،لە قۆناغی تازە پێگەیشتووانەوە دەست پێ بکەین،چەندین قوتابخانە بکەینەوە لە شارەکانی کوردستان بۆچەند ساڵێك ڕاهێنانیان پێ بکەین، دواتر دەبنە نموونەی باشترین یاریزان لەسەر ئاستی عێراق بگرە لە ئاسیاش ئەنجامیان دەبێت،بۆهەردوو ئاست بێت باشترە زیاتریش لە پشووەکان بێت باشترە بۆمنداڵان.

***کێشەو گرفتان چیە لە یانەی دهۆك؟**

-هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە،چونکە یانەی دهۆك هەموو پشتگیرییەکی بۆمان فەراهەم کردووە،لە یاریگاو پێداویستی وەرزشی.

***دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك گرنگیتان پێ دەدەن؟**

-بێ گومان یانەی دهۆك لە هەموو کاتەکان هەرلەسەرەتای دروست بوونی تیپەکەمانەوە تاکو ئێستا بەردەوام گرنگییان بە ئێمە داوە ئێمەش ئەنجامی باش پێشکەش دەکەین.

***ماڵەوە هاوکاریت دەکەن بۆوەرزش کردنت؟**

-بێ گومان سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم،کە بەردەوام پشتگیریم دەکەن،بۆیە منیش تاوکو ئێستا توانیومە بەردەوام بم لە وەرزش کردن.

*** لەهەڵبژاردەی عێراق داواکراوی؟**

-بەڵێ بانگ کراوم وئێستاش یاریزانی ئەو هەڵبژاردەیەم

*** هیواو ئاواتت چییە لەم یارییە؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم باشترین ئەنجام لەسەر ئاستی عێراق وئاسیا و بەدەست بهێنم ناوی خۆم و کوردستان بەرز بکەمەوە.بتوانم لە پاڵەوانێتیەکی جیهانی بەشداربم.

***چی بەوکچانە دەڵێی کە وەرزش ناکەن؟**

-هیوادارم ئەوانەی وەرزش ناکەن،بە زووترین کات پەیوەندی بەیەکێك لە یارییە وەرزشییەکان بکەن،بۆئەوەی ناوی خۆیان بەرزکەنەوە.

***دەڵێن یانەی دهۆك گرنگی زۆر بە تیپی کچان دەدات لەم یارییە؟**

-بەدڵنیاییەوە لەگەڵ دروست بوونی تیپی کچان یانەی دهۆك هیچ کەم تەرخەمییەکی نەکردووە تەنیا پشتگیری ئێمەی کردووە ئێمەش توانیومانە تاڕادەیەك دڵی ئەوان ڕازی بکەین،بتوانین ئەنجامی باش و ناوی یانەکە بەرز بکەینەوە.

***پەیامت چییە بۆبەرپرسانی وەرزشی؟**

-بەهیوای ئەوەم زیاتر هانی تیپەکانی کچان بدەن، گرنگی بە یارییە تاکەکانیش بدەن،بۆئەوەی ئێمەش بتوانین باشترین ئەنجام لەسەر ئاستی عێراق و ئاسیا بەدەست بهێنین.

***چیت ماوە لە کۆتایی بۆگۆڤاری گوڵان؟**

- سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم،بەهیوای ئەوەم زیاتر هانی کچان بدەن،بۆئەوەی وەرزشیان لا خۆشەویست بێت ڕوو لە وەرزش بکەن.